canada □ colombia □ germany □ iraqi kurdistan
palestine □ united states

building partnerships to transform
violence and oppression

community peacemaker teams

# هەرێمی کوردستانی عێراق – بە ئامانجگرتنی ڕۆژنامەوانان و میدیاکاران لە خۆپێشاندانەکانی ٦ی ئابدا.

لەدوای بانگەوازی سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ کە پارتێکی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراقە، هێزە ئەمنییەکانی کوردستان لە هەرسێ پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک دەستیانکرد بە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەوانان، پشتیوانانی نەوەی نوێ و ئەو چالاکوانانەی کە پشتگیری بانگەوازی خۆپێشاندانەکەی ٦ی ئابیان دەکرد.

تیمی کوردستانی عێراقی CPT، لە نزیکەوە چاودێری کاردانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی دەکرد لە بەرامبەر بانگەواز بۆ ئەنجامدانی خۆپێشاندان لە هەرێمی کوردستاندا. لە ڕۆژی ١ی ئابەوە تاوەکو ٧ی ئابی ٢٠٢٢، تیمی کوردستانی عێراقی CPT، دەستگیرکردنی ٣٤ ڕۆژنامەوانی بە بەڵگەنامە کردووە.

لە ٦ی ئابدا، ٩ ڕۆژنامەوان و کامێرامان لە پارێزگای هەولێر بە ناوەکانی (ئەیوب عەلی و عەبدولوەهاب ئەحمەد لە کەناڵی KNN، ڕزگار کۆچەر، هێرش قادر، ئومێد چۆمانی و کەریم کەیفی لە کەناڵی NRT، هۆزان قادر سەرۆکی ڕێکخراوی پەیامنێران بۆ ماف و گەشەپێدان و هەردوو ڕۆژنامەنوسی فریلانس کۆچەر مەنتک و ئەرشەد خەلیل) دەستگیرکران. لە کۆتایی هەمان ڕۆژدا، هەر ٩ میدیاکارەکە ئازادکران.

لە ١ی ئابەوە تاوەکو ٧ی ئاب، ٢١ ڕۆژنامەوان، پەیامنێر، کامێرامان و شۆفێری پەیامنێران لە پارێزگای سلێمانی و ناوچەکانی دەرووبەری بە ناوەکانی (کارزان تاریق، چێنەر ئەحمەد، دیار محەمەد، سۆران محەمەد، مەحموود ڕزگار، محەمەد ڕەحیم، هونەر فایەق، شڤان عوسمان، بڕیار عەلی و عەدنان سەید حوسێن لە کەناڵی NRT، عەبدوڵڵا ئەحمەد سەرنوسەری ماڵپەڕی کورد نیوز، خالید عەبدولکەریم سەرنوسەری بینەر نیوز، سنور کەریم و محەمەد نەوزاد لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا VOA، ژیلیا عەلی و ئەژی عەبدولقادرلە دەزگای دیپلۆماتیک مەگەزین، محەمەد مەحموود لە ڕادیۆی دەنگ، سیروان غەریب، ئەرکان عەبدولقادر، زانیار مەریوان و هێڤار هیوا لە ماڵپەڕی وێستگە نیوز) دەستگیرکران. تاوەکو ٩ی ئاب، تەواوی ئەو میدیاکارە دەستگیرکراوانە ئازادکران.

لە ٦ی ئابدا، ٤ ڕۆژنامەوان و میدیاکاری ئۆفیسی کەناڵی NRT لە دهۆک بە ناوەکانی ( سەباح یوسف، تایف گۆران، بڕیار حاجی و عادل سەبری) دەستگیرکران. سەرجەمی ئەو میدیاکارە دەستگیرکراوانە لە هەمان ڕۆژدا ئازادکران.

Suleimani, Iraqi Kurdistan ● cptiraq@cpt.org ● www.facebook.com/cpt.ik ● www.cptik.org
Tel: +964 770 762 0641 (English) ● 0770 291 6487 کوردی

تیمی کوردستانی عێراقی CPT، چاویکەوت بە بەشێک لە میدیاکارە ئازادکراوەکان و سەبارەت بە دەستگیرکردنیان و دۆخی ئێستایان گفتوگۆی لەگەڵ ئەو میدیاکارانەدا ئەنجامدا.

تیمی CPT، سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکانی بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە تەواوی ئەو ٣٤ میدیاکارە بە بێ بڕیاری دادگا دەستگیرکراون و لە زیندانەکانی ئاسایشدا مامەڵەی ناشیاو لە گەڵ ١٩ لەو میدیاکارانە ئەنجامدراوە. ١٤ میدیاکار بەزۆر بەڵێننامەیان پێ واژۆ کراوە بەبێ ئەوەی کە ڕێگەیان پێبدرێت ناوەڕۆکی بەڵێننامەکە بخوێننەوە. بە تایبەت یەکێک لە میدیاکارەکان لە پارێزگای هەولێر بە زۆر پەڕەیەکی بە تاڵی پێ واژۆ کراوە کە لەڕێگەیەوە دەسەڵاتداران دەتوانن هەر جۆرە بەڵێننامەیەک لەو پەڕەیەدا بنوسن و دواتر لە دژی ئەو میدیاکارە بەکاریبهێنن. سەرباری ئازادکردنیان، تاوەکو ئێستا مۆبایل و کامێرا و کەلوپەلی ڕۆژنامەوانیی ٩ لەو میدیاکارانە دەستیانبەسەردا گیراوە و ڕادەستیان نەکراوەتەوە.

ڕێزگرتن لە ئازادی کاری میدیایی و ڕۆڵی میدیاکاران، ئەرکی هەر وڵاتێکی دیموکراسیە. CPT نیگەرانە لە زۆربوونی فشارەکانی ئەم دواییەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆسەر ئازادی کاری میدیایی. ئێمە هانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدەین بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ کاری ڕۆژنامەگەری کە تیایدا ڕۆژنامەوانان و میدیاکاران هەست بە مەترسی تۆڵەکردنەوە و بەئامانجگرتن نەکەن.

Suleimani, Iraqi Kurdistan ● cptiraq@cpt.org ● www.facebook.com/cpt.ik ● www.cptik.org
Tel: +964 770 762 0641 (English) ● 0770 291 6487 کوردی